**سەمفۆنیای زەنگە ئاوی یەکان ... ٭ مامند محمد قادر**

بۆ زەمەنێکی وەحشەتی
سەمای ڕەنگە هەنگوینی یەکان
نەمکرد سەرم
بکەمە هێلانەی خەون و
گمەی باڵندە ئاوی یەکان
ئا ئەوەتا لەژێرَ باڵی
مەرگەساتی ستوونەکان
قووڵایی هەناسەم دەڕزی،
لە نێوان سێبەری لیمۆ و
درز بوونی ڕامان
ڕۆشناییە خۆڵەمێشی یەکان
زەردەخەنەی بەرد دەچنن،
دەبێ ڕۆژی
لەو مەینەتی یەی با بمرم
تا هەر نەبی
لە شپرزەیی بریندا
زەمینەیەك بۆ خەو بینین،
سەمای هەڵقرچانی ماسی
بکەمەوە
یا بۆ ژەمێك داخرانی گوڵ
پەنجەرەیەك
بە ڕووی مەودا فرمێسکاوی یەکان
هەڵبەستم،
ئەو سێبەرە شووشەییە
لە کاسەی مەرگی پەپوولە و
سەوزایی فڕنی خاکدا
دڕ بە گومانی کرانەوەی
گەڵا نادا،
لە کاسەی لێوی ساتەکان
قورسایی قرتاوی ڕەنگ و
سەمفۆنیای زەمەن دەتکی.
ئەی گوڵهەناری گەمژەیی
تەسکایی ئاو و بازنەی با
لە دەنگدانەوەی کلۆری
ڕەنگە کرمۆڵە بووەکان
مردن دەکشی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
6-10-2007 1:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مەسافەکان وێك دێنەوە
بی ئاگایی فەزا چنراوەکانی خاك
لە سەرکێشی ی لەبارچووی با
زەنگە ئاوی یەکان دەخرۆشێن.

auzim1975@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.